21-7-2007 22:02بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**ڕۆژنامەوان.. ڕۆژنامەنووس.. ڕۆژنامەچی.. ؟! ... تاریق نامیق حەسەن**

tariqnamiq@yahoo. com



ئەوەی زانراوە دەڵێن (109) ساڵە ڕۆژنامە دەردەکەین ئەمە شتێکی دڵخۆشکەرە ئەگەر ئەم بەشەی مێژووی ڕۆژنامەوانی خۆمان پاراستبێ بەلاَم لەوانەشە هەولَی تریش درابێ پاشتر یان پێش تر و ڕەنجی خاوەنەکانی فەوتابێ هەر چۆنێ بێ شوکرانەی دەوێ کە ئەم مێژووەمان هەیە وبۆمان ماوەتەوە، ئەگەر واش بێ و100% ئەو مێژووە تەواو بێ ئەوا ماوەیەکی زۆر و کاتێکی باشە بۆ تێگەیشتن لە هەر کارێك نەك ڕۆژنامەوانی من نامەوێ شتێکی تر بڵێم پتر لەوەی کە ڕۆژنامەوانی کارێکی زۆر پیرۆزە لەبلاَوکردنەوەی مەعریفە و هەر خۆشی دەتوانێ ئازارە پەردەپۆش کراوەکانی هەر کۆمەڵگەیەك هەڵداتەوە و بەدوایدا بچێ هەر وەها دەتوانێ جۆرەها پەیامی فرە مەبەست ئاراستەی هەموو شوێنەکان بکات واتا جگە لەپیرۆزی ئەمانەت و کارێکی گەورەیە ڕەنگە ئەو پیرۆزییەشی کە باسمان لێوە کرد هەر لەو ڕوانگەیەوە سەرچاوەی گرتبێ بۆیە پیرۆزییەکانی پێویستی بەچەند فاکتەرێك هەیە بۆ هێشتنەوەیان ڕەنگە هەڵوێست نواندن و لێهاتوویی و بوێری و خۆراگریی و خۆبەخت کردنیش هەندێ لەو فاکتەرانە یان ڕاستتر بڵێین فاکتەرە سەرەکییەکانی بن، لێرەوە هەر کەسێ دەتوانێ ئەوە ببینێ کە ئەم کارە ئەرکێکی قورسە ڕەنگە هەموو کەس نەتوانێ شانی وەبەر نات بە پێچەوانەوە دەبێتە خۆ هەڵقورتاندن لەکاری نانەوا یان قەساب وەکو دەڵێن ڕەنگە خۆ هەڵقورتاندن لەم دوو پیشەیەی بە نموونە باسم کرد ساناتر بێ و ڕێ پێ دراو بێ بەئاستێك، لەخۆ هەڵقورتاندن لەکاری ڕۆژنامەوانی بەلاَم ڕۆژنامەوانی بە هیچ شێوەیەك ئەوە هەڵناگرێ و ئەگەر بەو شێوەیە ئاراستە بکرێ ئەوا ناوی لە ڕۆژنامەوانییەوە دەگۆڕێ بۆ کەسابەت وپارە پەیدا کردن وەکو کارکردن لەهەر پیشەیەکی تر و ئەم کارەش لای ئێمە فرە ڕوو دەدات بۆیە ئێمە ڕۆژنامەچیشمان هەیە نەك هـــەر ڕۆژنامەنووس، هەر هەموو دەزانن یان دەکرێ بزانن ڕۆژنامەنووس کێیە و چ پەیامێکی لەکۆڵ ناوە وچۆن نووسینەکانی وەکو لەدایك بوونی کۆرپەیەك ئازاراوییە وچۆن شەو نخونی لەگەڵ ئازارەکانی مرۆڤەکان دەکات ودەسلەملانیانە وتەنانەت زۆر جـار لە جیاتی ماڵ و سەروەت دەبێ بە ڕەزا تاڵ و خاوەن دوژمنی قەوی و زل زل و ڕێگای زۆربەی زیندان وبەندیخانەکانی ئاشنا دەکات تا تروسکاییەکی نەمانی ئەو خەم و ئازارانە دەبینێ و هەمیشە ویژدانی بە خەبەرە و لــە کەمتەرخەمییەکان ئازاری دەدات، ڕەنگە ئەمە وەسفێکی سەدان قۆناغە ڕێ هەڵگرێ، ئەمە بەم شێوەیە، بەلاَم گەر باسی ئەوی تر بکەین واتا ڕۆژنامەچێتی ئەوا ئەوەیان کارێکی ئاسانە و زۆرکەس بۆیان دەکرێ ڕەنگە زۆر جار کەسەکە خۆی بێ ئاگابێ کەدەبێتە خاوەن ئەم پلەو پایە وکەسابەتە لەڕێگای خزم وبەرپرسانەوە، چونکە لەهەموو خاڵە پێویست وگرنگەکان وپێوەری ئەکادیمی تەنها پێویستی بەخزمێکی یان کەسێکی زل مەسئولە لەناو دەسەلاَتێك کە ئەم کارانەی تێدا یاساغ نەکراوە ومەحسوبیەت ئەگەر پێشینەی نەبێ ئەوا سانسۆری لەسەر نییە وپیادە دەکرێ وبۆ ئەنجامدەرانی دەچێتە سەر وچەندین قارەمانیش لەدایك بووی ئەم شاکارەن لەبواری ڕۆژنامەچێتی ڕەنگە تائێرە لای هەمووان ئاسایی بێت لەبەر ئەوەی ئەم پەروەردەیە هەلقولاَوی خودی خۆمانە ومیراتێکی بەهادار وتەمەن درێژە، بەلاَم ئەوەی چێژ بەمەسەلەکە دەدات وپڕ لەزەتی دەکات ئەوەیە کەئێمە بەهەموو ناوەندەکانەوە هەموو شتەکان تێکەڵ دەکەین وسەری لێ دەرناکەین ولەئەنجامدا

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاَودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

شتێکی هەر لێ دەردەچێت ودەبێ هەموانیش چەپڵە بەدوو دەس ودووی تریشی بۆ پەیدا بکەن وبۆی لێدەن ئێستاش شوێنە فرە ئەکادیمێەکانی ئەم بوارە رۆژنامەنووس ورۆژنامەوانی لێك ناکەنەوە ولەهەردووکیان پتر پەیوەندیان بە رۆژنامەچییەوە هەیە!!

لەگەڵ ئەوەشدا میللەت بەنیازە ئەم بوارە ونوسین فریاد ڕە سی بێت ولەقەیران قوتاری کات!

تۆ بڵێی خەون ونیازی میللەت بەدی بێ؟

ئەوەتا رۆژنامەنووسێك هەیە لەتۆری ئیعلامی (... ) لەهەر کۆنگرەیەك کەبەرپرسەکە پاش وتار دێتە خوار لەسەر تەختە ئەو پێشی پێدەگرێ وتەوقەی لەگەڵ دەکات ودەلێ دەمناسی وتەکلیفێکی قورس لە بەرپرسەکە دەکات نەك هەر لێپێچینەوە رەنگە لەلایەن دەزگاکەی خۆیەوە دەستخۆشیشی لێ بکرێ، خۆ ئابڕوی ئەوان ناچێ بێ رێزییە وبەرامبەر بە رۆژنامەنووسانی کورد دەکرێ.

بەلێ لێرەیە کەجوانکاری بۆ هەموو کەسێك دەکرێ بەپێچەوانەی ولاتانی زۆر پێشکەوتوو کەدوای چەندین نەشتەرگەری دەتوانن یەك تۆز ئەو کەسە رێك وجوان کەن وبەنج وخوێناوی دەکەن وژیانیشی دەکەوێتە مەترسییەوە، بەڵام لێرە گەورەترین جوانکاری ودروستکردنی کەسایەتییەك لە قاوکێکی جوان بێ ئەزییەت دەکرێ لەرێگەی رۆژنامەوانییەوە بێ ئەوەی سڕ بکرێ وخوێنی لەبەر بڕوا وگەورەترین مەترسیش بۆ سەر ژیانی ئەو کەسە کە خاوەن پلەیە لەدەست دانی گیانی نییە! بگرە لەدەسچوونی سەد دۆلارە!! خۆ ئەگەر بارەگا ئیعلامییەکە چووە بۆمبای ئەوا خاوەن پلەکە بۆ چاوپێکەوتنێك دەچێتە ئەوی وبۆ ئەو دەرکەوتنە باجی ماڵی وکرێی خۆی دەدات و رۆژنامەچییەکان خۆش بن دەبێتە قارەمانی ئەو بوارەی (دری دەیخوازێ) .

وەرنە ئەم لاترو تەماشای ئەم دیمەنە پڕ هەزەلییاتە بکەن کێ دانراوە وبۆ ولەکوێ، شێوازی مامەڵەکردن وهەلسو کەوت بپرسن چییە وچۆن پیادە دەکرێ، لەکۆنگرەیەکی تایبەتی خوا نەکات لەسەرەوە دەستخۆشی و وەسفی رۆژنامەنووسێك بکرێ ئەوا هەر کە دەزگاکەی خۆی زانی لەجیاتی خۆشحالی دەربرین وپشگیریکردن ئەوا دووەم رۆژ رینمایی لابردی لەسەرخۆ بۆ رۆژنامە نووسە سەر کەوتۆکە دەردەچێت وبە دزییەوە و زۆر بەخاوە خاوی بۆ ئەوەی هەستی پێ نەکرێ تەنها مەبەستیش ئەوەیە

(با دەرنەکەوێ نەك پێبگا و سەر لەزمان لاڵەکانی ناو عەرشی رۆژنامەوانی بشێوێنێ) .

کەسێك کراوەتە بەربرسی دەزگایەکی گەورە کەخۆی بەخاوەن و دانەری هەموو کلتوری کوردی دەزانێ هەر لەڕۆژی لەدایك بوونی ئەو کلتورەوە ودەشلێ (ئاواز ومۆسیقا کوردی بایی مسقاڵە زەرەتێ کارم تێناکا ونام بزوێنێ) !! ئەی بۆ وا عاشق بەو شوێنەیە؟؟ با هەموومان بلێین ئاخ ومەخابن بۆ ئەو کەسانەی ئەویان لەو بیابانە داناوە تا ئاوها سەری لێ بشێوێ وئاوها بەدەمی خۆی شەرحی خۆی بکات وتێ بکەوێ، بۆ چی کەسێکی کلتورناسی میلەتان ناهێنن ئەم ئەرکە قورسەی پێ بسپێرن کە ئێستا کردوتانە بە ئیمتیاز بۆ هەندێ کەس!!

لە یەك شتدا پێم وایە هەردوو دەگرین رۆژنامەنووس ورۆژنامەچییش بەلام جیاوازی لە شێواز وئامانجی گریانەکە هەیە بەوەی رۆژنامەنووس بۆ وەزع وئەو دۆخە سەفیلە ئەگری کە رۆژنامەوانی تێی کەوتوە ورۆژنامە چیش بۆکورسیەکەی کە یەکەمیان هەموو کاتێ بە بێ دەنگی فرمێسك ئەڕژێنی ودووەمیان بۆڕە بۆڕی بێ فرمێسك وتەقەلا کردن ئەو کاتەی دەیەوێ کورسییەکە بەدەست بێنێ.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.